

# قایشی زیوو لەگەڵ جلی کوردی

کەرەستە و کەلوپەلی جوانکاری لەناو کوردا جێگەی بایەخ و جوانییەکی کراوە و جوانن، هەر یەکە لەو ئێکسسوار و کەرەستانەی جوانکاری شوێنی گرنگی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نشونمایەکی بەئەمەك لەگەڵ جوانی خۆی دەنوێنێ، کاتێك خانمانی کورد جلی کوردی دەپۆشن، بێگومان پێویستیان بەچەندین ئێکسسوار و کەرەستە هەیە، هەر لەسەروبەستە کە لەشێوەی کلاوە دەخرێتە سەر تا خلْخاڵی قاچ، بەڵام ئەوەی زۆر جێگەی جوانی و گرنگییە، بریتییە لەپشتێن یان ئێکسسواری قایش، کە ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەجوانی کراسەکە و خۆی بەشێوەیەکی جوان



نیشان دەدات. لەم چەند ماوەیەی ڕابردوودا مۆدەیەکی جوانی قایش بەرچاو کەوت، کە لەپێشووتردا شێوازێکی جوان و دیمەنێکی خنجیلانەی هەبوو، ئەو جۆرە قایشە بەقایشی زیوو ناسراوە، کە لەسەر جلی کوردی لەسەرو ناوقەدەوە دەبەسترێ و ئەو قایشە دوو سوودی سەرەکی هەیە، یەکێکیان بۆ توندکردن و بەستن و ڕێکخستنی کراسی کوردییە، بەتایبەت لەبەشی ناوقەدەوە، کە لەوێ کراس شل دەبێ و ڕەنگە زۆر جار نارێك بێ، سوودی دووەمیشی، وەك مۆدەیەکی جوان و ئێکسسوارێکی باڵا دەردەکەوێ، چەندین ئێکسسواری دیکەش بەکاردەهێنرێ، بەڵام زیاتر ئەوەی جوانی خۆی هەیە، زیوە. لێرەشدا هەوڵبدە جوانترین شێوە قایش هەڵبژێری بۆ گونجاندنی لەگەڵ ناوقەد و کراسە کوردییەکە.



# مۆدەی ئێکسسواری

جوانی و ناسکی ئێکسسوار، وا لەخانمان دەکەن کە تووشی دوو دڵی ببەن لەوەی چ جۆرە ئێکسسوارێك هەڵبژێرن، چونکە زۆری ئێکسسوارەکان وادەکەن هەر کەسێك سەر لێشێواو بێ و نەتوانێ چ جۆرە مۆدەیەك بپۆشێ، لێرەدا پسپۆرانی جوانکاری ئەو ڕۆڵە دەبینن کە بۆ هەر وەرز و کاتێك چ جۆرە مۆدەیەك ئامادە بکەن تا ببێتە مۆدەی سەردەم و بۆ گشت خانمان و سوودی لێوە ببینن، لەگەڵ هەر وەرزێك چەندین ئێکسسواری جوان دەردەکەون، ئەوانەی جێگەی بایەخن و بە بەردەوامی دەپۆشرێن، بریتییە لە(گوارە)، کە ئێکسسوارێکی سەرەکییە و

# جوانترین تەسریحەی تێکەڵی لە نێوان لوول و خاو

هەر مۆدەیەك لەبواری جوانکاری، شێوەیەکی تایبەت بەخۆی دەبێ، لەکاتێکدا جوانی ستایل پابەندە بەو شێوەیەی کە کاری لەسەر دەکرێ، وەك شێوازێك لەجوانی کە ئاراستە و مەبەستدار بێ، واتە لەپێش وەختە هەڵبژێردراو بێ و بتوانرێ مۆدەیەکی جوانی خۆی ببینێ، یەکێك لەو لایەنە گرنگانە بریتییە لەستایلی تەسریحەی قژ، کە هەر تەسریحەیەك جوانییەکە بۆ خۆی، بەڵام دەتوانین جوانییەکی ڕەها بەدی بکەین لەتەسریحەیەکی جوان و خنجیلانە کە جێگەی نمایشێکی باشی هەبێ. ئەو جۆرە تەسریحەیە دەبێتە یەکێك لەجوانترین تەسریحەکانی ئێستا، کە بەپێچەوانەی مۆدەکانی پێشووەوە، چونکە لەپێشەوە شێوەی سەرحە و لەدواوەش ستایلی بۆ داندراوە، کەچی مۆدەی پێشوو لەپێشەوە چەندین تەسریحەی بۆ دانراوە و کەچی لەدواوە سەرح و خاو دەبێتەوە. ئەو تەسریحەیە جوانترین و شایستەترین مۆدەیە، کە دەکرێت بۆ گشت شوێنێك و کاتێك ئەو تەسریحەیە دابنرێ، جوانی ئەو تەسریحەیە لەڕوواڵەتی دانانی تەسریحەکەیە، کە لەپێشەوەی سەرەوە بەرەو دواوە بەسادەیی دەچێ، لەناوەڕاستی سەر واتە لەبەشی سەرەوە، بەکەزیەکی ناسك سەر دادەپۆشێ، پاشان لەخوارەوەش بەچەندین نەخشی جیاواز دەبێ، بەڵام زیاتر تەسریحەی لوول بۆی بەکاردەهێنرێ کە ئەوەش وادەکات دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەبێ.





# گوارەی بچووک

بەردەوام شوێنی دیارە و دەردەکەوێ. لـەم وەرزەدا جوانترین مۆدەکانی گوارە، دەبێتە مۆدەیەکی سەرەکی و جوان کە ئەویش گوارەی ورد و بچووکـە. بەمەش دەتوانین سـوودێکی گەورە وەربگرین لەو ئێکسسـوارە ناسـکە، کە مانایەکی سـادە و جوان دەبەخشـێ، زیاتریش کاتێـك لەوەرزی گەرما قـژ هەڵدەبڕێ، بۆیە دەکرێ جوانـی گوارەکانیـش دەربکەوێنین، گرنگی زیاتـری گوارە لەشـێوەکەیەتی، کە شێوەیەکی بچووك و ڕەنگێکی ناسکی هەبێ، دەبێتە یەکێك لەجوانترین ئێکسسواری گوارە بۆ گشت خانمێك.


# ستایلی قات و بیجامای قوماش بۆ جلوبەرگی ماڵەوە

لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما و بەسـەر چوونی جلوبەرگی پێشـوو کە بۆ وەرزی سەرما هەبوو، دەکرێ گۆڕانکاری لەسەر مۆدەی گشت جلوبەرگەکان ئەنجام بدەین، ئەمەش پێویستی بەکاری تازە هەیە، لەگەڵ دۆزینەوەی سـتایلێکی تازە بۆ جلوبەرگی دەرەوە و ماڵەوە، کە جێگەیەکی گرنگی هەیە لەبایەخدان بەمۆدە و سـتایلی جلوبەرگ. لەڕێگەی مۆدەی تازەوە جوانترین مۆدەکانی تازە دەکرێ سـوودیان لێوە وەربگرین، کە زیاتر شـێوەی کچان لەماڵەوە جوانتر دەکەن و مۆدەی پێشووش بەرەو ستایلی تازە ڕێگە دەگرێ، لەکاتێکدا جلی ماڵەوە جێگەی گرنگتر و بایەخی زیاترە، چونکە جلوبەرگی ماڵ، زیاتر دەپۆشـرێ لەبەرانبەر جلوبەرگی دەرەوە. مۆدەکانی پێشوو زیاتر تراکسووت و جلی ئەسـتوور دەپۆشـران بۆ ماڵ و کاتی نووسـتن، کەچی ئەو سـتایلە تازەیە گۆڕانکاری بەسـەردادێ و لەقوماشی ئەستوورەوە بۆ قوماشـی تەنك دەگۆڕێ، لێرەشدا جوانترین مۆدەکان بۆ ئەو لایەنە دەبێتە قوماشـی سادە، کە جلوبەرگی ماڵەوە و جلی خەوی لەسەر دروست دەکرێ، واتە قات و بیجامای قومـاش، لەگەڵ ئەوەی جوانییەکـی نەرمی هەیـە، هەروەها کەشێکی خۆشت پێدەبەخشێ لەکاتی جووڵەکردن و خەوتن.



# شێوەیەک بۆ برۆت هەڵبژێرە!

گرنگـی ماکیاژ و ئاگاداربوون لەڕێوشـوێنی مەبەست بۆ جوانترکردنی هەر بەشێکی جەستە، پێویسـتی بەگرنگیدانێکـی تایبـەت هەیە، لەکاتێکدا زۆربەی خانمان ئاگاداری ئەو لایەنە نین، چونکە دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانییان کاتێك بەهەنگاوێکی بچووك دەتوانن گەورەترین جوانی



بەدەسـت بهێنن. یەکێك لەدیارترین بەشـەکانی جوانی ڕووخسار، بریتییە لە(برۆ)، کە دیمەنێکی بەرچـاو و تەنانەت هەر هەڵەیـەك لەبرۆ دەبێتە هۆی ناشـیاو بـوون لەجوانی ڕووخسـارت. گرنگتریـن لایەن لەجوانی بـرۆی چاو، ئەوەیە بزانـی چ جۆرە مـۆدەی برۆیـەك هەڵبژێری کە لەگەڵ ڕووخسـارت بگونجێ و دیمەنێکی جوانت پێببەخشـێ، کە شێوازەکانی برۆ لەگەڵ هـەر یەکێکدا دیمەنێکی خۆی هەیە، تا بتوانین شێوازێکی شایسـتە دابین بکەین لەجوانی برۆ، شـێوازەکانی برۆی ئێسـتا ئەمانەن: کەوانە – شێوەی مانگ – بازنەیی – برۆی پڕ- برۆی باریك – شێوەی هەشت و شەش – برۆی ڕاست و چەندیـن مۆدەی دیکەش هـەن، مۆدەکانی ئێسـتای برۆ بریتییە لەبرۆی (راست و شێوەی شەش) واتە لەسـەرەتاوە بەرەو سەرەوە دەچێ و دواتر دەشـکێتەوە بەرەو خـوارەوە، ئەمەش واتە شێوەی ژمارە شەشی کوردی دەردەخات. لەگەڵ ئەوەشدا مۆدەیەکی دیکەش هەیە کە تاتۆ دەکرێ و ئەمەش دەکرێ بەئاسانی مۆدەکەی بگۆڕدرێ و مۆدەیەکی دیکەی بۆ دابنرێ.



## جوانی مامز و ئاسک لەکوردستان

مامــز یان ئاســك وەك گیانداریێكی چیایی ناوچە شــاخاویەكانە و یەكێكە لەگیانــدارە هەرە جوان و سەرنجڕاكێشــەكان و جوانیەكی سەرســوڕهێنەری بەسروشت بەخشیوە و ئەوەی مامز لەگیاندارەكانی تر جیا دەكاتەوە خێرایی ئەو گیاندارەیە كە هەر بازێكی نزیكەی زیاتر لە(٤) چوار مەتر دەبێت و دەتوانێت خۆی لەچنگی گیاندارە دڕندەكان ڕزگار بكات.

لەكوردســتانیش چەنــد جۆری ئاســك بوونی هەیەو بەسروشــتی لەناوچە چیایەكان دەژین، ئاسك لەكورستان لەدەڤەری بارزان و دەربەندیخان و لەدەشتی هەولێریش لەناوچەی قەرەچووغ بوونی هەیە، بەهۆی وشــكە ســاڵیەوە نزیك دەبنــەوە لەئاوەدانی و بەمەش دەبن بەنێچیری مرۆڤەكان و ڕاوچییەكان ڕاویان دەكەن، بەرە بەرە بەرەو نەمان دەچێت، گۆشت و پێستەی مامز زۆر گرانبەهایە و گۆشــتەكەی تامێكی زۆر نایابی هەیە و پێستەكەشی بۆ دەیان مەبەستی گرنــگ بەكاردێــت، تەنانەت هەندێكیان پێســتیان وشــك دەكرێنەوە و وەك دیمەنێكی جوان دادەنرێ لەماڵ و دیوەخانەكان.

مامز گیانداریێگی ڕووەك خۆرەو لەسەر لەوەڕ و گژوگیای سروشتی دەژی، هەندێ جاریش كە ماڵی دەبێت خواردنی تایبەتی پێدەدەن، شــاخەكانی مامز بەپێی جۆرەكەی دەگۆڕێت و لەجۆرێكەوە بۆ جۆرێكیتر جیاوازە، هەیانە درێژ و لوولە، هەیانە ڕاســت و كورتە ئەوەی جێی باســە هەنــدێ جار وەك هەر گیاندارێكیتر لەنێو خۆیاندا بەگژیەكدا دەچن و شــاخەكانیان دژ بەیەك بەكار دێنن و شــەڕ دەكەن، ئەمەش یان شــەڕێكی ڕاستەقینەیە یان گەمە لەگەڵ یەكتردا دەكەن.



## سۆپای دار ئامێرێكی كۆن و بەسوود

كــوردەواری زۆر شــتی جــوان و بەنرخیان هەبــووە، تەنانەت قســە و حیكمەتەكانیشــیان ئەمڕۆ پەندێكە و لەزۆربەی زۆری بەشەكانی ژیانمان دەســت دەدات و كاریگەری خۆی دەبێ، نەوەك تەنیا لەو لایەنەوە، بەڵكو لەزۆربەی لایەنەكانی دیكەی ژیانیشــمان وایــە، یەكێك لەو كارە جوان و ســەیرەی كە كوردەواری دروســتیان كردووە، یــان بیرۆكەیان بۆی داناوە، ئەویش (سۆپای دار)ە، ئامێرێكی سادە و كاریگەرە، لەژیانی سەختی سارد و ســەرماوە كاری خۆی كردووە، سۆپای دار، بریتییە لەشێوە سندووقێكی دروستكراو لە كانزا، كە هەیە لەشــێوەی بازنەیی یان شێوەی چوارگۆشە یان لاكێشە دەبێ، یان شێوەی دیكەی هەیە، ئەو سۆپایە بەدار كار دەكات، ئەمەش دەبێ لەوەرزی هاوین و پێشووتردا، دار و بار بهێنرێ لەداری شاخ و یان داری ڕەز و ئەو شوێنەی داری لێ بەدی دەكرێ و دەبڕدرێتەوە، پاشان ئەو دارە وشــك دەكرێتەوە و هەڵدەگیری تا لەوەرزی ســەرما بەكاربهێنرێ لەگەڵ ســۆپاكە. لەبەشی ســەرەوەی ســۆپای دار، لوولەكێك هەیە كە دووكەڵی ســووتانی دارەكە لەژوورەوە بەرەو دەرەوەی دەبات، كە ئەو لوولەكە ڕاســتەوخۆ بەسەقفی ئەو شوێنە بەســتراوە و بەم جۆرە دووكەڵی ئاگرەكە دەباتە دەرەوە، لەخوارەوەش شوێنێك هەیە پێی دەگوترێ دەرگای سۆپا، كە لەوێوە داری وشــك كراوە دەخرێتە ناوی و بۆ ئەوەی ئاگرەكە زیاتر خۆش بكات، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا گەرمییەكەی دەمێنێتەوە و لەژوورەوە بۆ هەر چوارلاوە دابەشی دەكات، زیاتریش سۆپای دار لەناوەڕاستی ژوور دادەنرێ، ئەمەش بەمەبەستی دابەش كردنی گەرمییەكەیە بۆ سەرتاپای ژوورەكە.



## كانی سەرچاوەی ئاو و جێگەی ژوان

سروشــتی جوانی كوردستان پڕە لەچەندین وێنەی ڕەنگین و سەرسوڕهێنەر و پڕە لەجوانی و لێوان و لێو تەژی لەئەفســوون و وێنەی ســیحراوی، كانی و كارێز و سەرچاوەكانی ئەو بەشێكی ئەو وێنایە پێك دەهێنن بەتایبەت لەوەرزی بەهار كــە وەرزی تەقینی كانی و كارێزەكانە، كانــی لەئەنجامی توانەوەی بەفــری چیاكان لەدامێنی چیاكان پەیدا دەبێــت، وێڕای دیمەنە جوانەكەی چەندین سوودی هەیە وەك دەستكەوتنی ئاوێكی پاك بۆ هەموو مەبەستەكان و ڕێگە گرتن لەوشــكە ســاڵی و ئاوەدانی ڕەز و باغ، كانی لەفەرهەنگ و مێژوودا ســەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بــووە بۆ لادێ و گوندەكان لەڕێگەی گۆزەو شــەربەوە، ئاو لەكانیەوە دەگوازرایەوە بۆ ماڵەوە، شــتێكی جوان هەیە لەكوردەواری خۆمان، ئەویش دڵدارییە لەســەر ڕێگای كانی، كاتێك كچانی كــورد دەڕۆن بۆ ئاو هێنان بەگۆزەوە، كوڕانیش بەدوایان دەبن و یان زۆر جار سەر كانی بۆتە جێگەی ژوان و دیاری گۆڕینەوە، تەنانەت چەندین گۆرانی و بەســتە بەسەر كانیدا گوتراوە، كە باس لەسەر كانی و كیژۆڵان و كوڕانیش كە بەنهێنیەوە سەیریان دەكەن، یان وەك جێگەی ژوانیان ئیشق و خۆشەویستی دەگۆڕنەوە.

**ڕەوەند بەختیار**

# قژێک له گوریس بەهێزترە



لەژمارەی پێشـــوودا، هەواڵێکمان بڵاوکردەوە لەسەر پیاوێك بەلووتی ئوتۆمبێلێکی ڕاکێشـــا بۆ ماوەی (١٠) مەتر و لە(٢٠) چرکەدا، ئەویش پیاوێکی وڵاتی چین بوو، وەك ناسراوە وڵاتی چین بەوڵاتی ســـەیر و سەمەرە ناســـراوە، کەچی وادیارە خانمێکی دیکە دەیەوێ کێبڕکـــێ لەگەڵ ئەو پیاوە بکات و ئەویش ئوتۆمبێل ڕابکێشـــێ، بەڵام ئـــەوەی خانمەکە بەلووتی نا، بەڵکـــو بەقژیەوە، ئەو ئافرەتە ناوی (زو هویگۆن)ە و توانی تەنیا بەقژی دوو ئوتۆمبێل ڕابکێشێ کە کێشـــی هەردوو ئوتۆمبێلەکە (٤٥٠٠) کیلۆگرام بوون، ئەمەش لەئاهەنگێکی ساڵانەی تایبەت بەهەرێمی لیاونیگی وڵاتی چین، کاری ئەو کچە ژمێریارییە و لەتەمەنی (١٣) ساڵیدا ئوتۆمبێلێکی بچووکی ڕاکێشـــاوە بەقـــژی، بەنیـــازە لەداهاتووشـــدا ژمارەی ئوتۆمبێلەکان بکات بە(٣) ئوتۆمبێل تاوەکو بەقژی ڕایبکێشی.




# بەهێزترین کچی جیهان


لەلای خۆمانەوە کچان بەناسکی و نەرمی ناسراون، کاتێك کارێکی قورس دەکەن، پێیاندەگوترێ ئەوە کاری ئێوە نییە و قورســـە، بەڵام وادیارە ئەو کچە لەوڵاتی ئۆکرانیا دەیەوێ پێچەوانەی ئەو قســـانە بوەســـتێ و بۆئەوەی ببێتە بەهێزترین کـــچ لەجیهان، ئەو خاتوونە ناوی (فاریا اوکلۆفا)یە و تەمەنی (٢٢) ساڵە، لەو کاتەی (١٠) ســـاڵ بووە، توانیویەتی باوکی بەقاچەکانی بەرز بکاتەوە، ئەمەش وایکرد کە گرنگی زیاتر بەهێزی جەســـتەی بدات و تاوەکو ئەمڕۆ ببێتە یەکێك لەبەهێزترین کچی جیهان. ئێستا تەمەنی (٢٢) ساڵە و تاوەکو دواجار توانـــی (٣٥٠) کیلۆگرام بەرزبکاتەوە کە ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە و هیچ کچێك ئەو کارەی پێنەکراوە.



# جەستەیەک (٦٥٥) تاتۆی لەسەر کراوە




ئەو پیاوە هیندستانییەی کە بەگوێرەی زۆری خەڵکی وڵاتەکەی و گشت جیهان، ئەقڵی لەدەست داوە، کاتێك داوای کردووە و تەنانەت داواکەشی جێبەجێ کراوە لەوەی سەرتاپای جەستەی تاتۆ بکرێ، ئەمەش دوای ئەوەی کە (٦٥٥) تاتۆی لەسەر جەستەی کردووە، ئەو تاتۆیانەش بریتین لەئاڵا و نەخشی وڵاتانی جیهان و چەندین تاتۆی سەیر. ئەو پیاوە ناوی (ریشی) تەمەن (٧٠) ساڵە لەشاری نیودەلهی دەژی، سەرتاپای جەستەی تاتۆ کراوە، تەنانەت جگە لەوەی ئاڵا و نەخشی گشت جیهانی کێشاوە، بۆیە هەڵساوە بەدانانی هەموو پیتی زۆربەی زمانەکانی جیهان.



## نوکتە

- کابرایـــەک ملیۆنێک دۆلاری بۆ دەرئەچێت. تەلەفون بۆ ژنەکەی ئەکات و پێی ئەڵــێ: خەبەرێکی خۆش، یەک ملیـــۆن دۆلارم بۆ دەرچـــووە، لەبەر ئەوە بەپەلە جلەکانت کۆکەرەوە. ژنەکەش دڵی زۆر خۆش ئەبێت، لێی ئەپرسێ: پیاوەکە جلی زستانە یان هاوینە؟ پیاوەکەی ئەڵێ: هەموو هەمووی کۆکەرەوە، ئیتر نامەوێ نە خۆت و نە جلەکانیشت ببینم!

## دیــوانە شــیعر



### نالی شاعیر دەڵێ :

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم
من بەبرسی قەد مەزانە، خەم دەخۆم
ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو
سوێر و تاڵی دەم دەم و ژەم ژەم دەخۆم
تا سەری زولفت لەسر ڕوو حەلقەدا
من وەکو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم
ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من
ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم
شەربەتی خەوف و ڕەجای ئەغیار و یار
ترش و شیرین هەم دەچێژم، هەم دەخۆم
من لەتەوری عالەم و دەوری فەلەک
زەربی لازیب، زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم
تاڵی بێ یار و دیار و تار و مار
ئەلقەمی چی؟ ئەرقەمی چی؟ سەم دەخۆم
نۆعە ئینسانێ هەیە غەم قووتییە
من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم
غەم دەڵێ:((نالی))کە غەم خواریم نەکا
ناعیلاجم من بەنی ئادەم دەخۆم


س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك



### ئافرەتی پاک!

ئەمە تابلۆی گەورە وێنەکێشــی سویســری (جۆن هێنری فوزیلی)یە، کە باس لەپاکی ئافرەت دەکات، لەکاتێکدا کەسانێکی وەحــش هــەن دەیانەوێ ئەو ئافرەتە پاکە بەرەو پیســی ببەن، ئەمەش کە لەتابلۆکەدا ئافرەتێکی بەرگ ســپی پۆش، لەســەر سیســەمێکدا درێژبووە و ســەری کەوتۆتە خوارەوە، بەمانای ئەوەی لەژیان و خەوێکی ناخۆشــدایە، ئەو کەسە لەسەر سینگی ئافرەتەکە دانیشــتووە مەبەستی داگیرکردنی جەستەی ئەو ئافرەتەیە بەشەڕانگێزی و ڕق و کینە، بەڵام لەکۆتاییدا کە ئافرەتەکە هەڵدەستێتەوە ئەو کەسە ناشیرینەکە دەکەوێت و ئیتر تا وەحش و مرۆڤە پیسەکانیش ناتوانن ئافرەتی پاك خراپ و پیس بکەن.

## پەندی ناوداران



### جان جاک ڕۆسۆ

لەبارەی زۆر زانین و قسەکردن دەڵێ:

- ئەو خەڵکانەی کەم دەزانن ئەوا زۆر قســەدەکەن، بەڵام ئەوانەی کە زۆر دەزانن قسە ناکەن تەنیا کەمێك نەبێ..

### وێنەی جیاواز و ڵاڵی هاوبەش

بــۆ زانینی ئاستی مێشك لە مـاوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبــەش لەم دوو وێنەیــە بدۆزەوە!



## بۆ زاخــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (قەندیل) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی خراپ)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (شتێکی سروشتییە و لەکوردستان هەیە و زۆر بەرزە)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆبکەیتەوە بەمانای (ئەو شوێنەی گوڵ و گوڵزار تیایدا دەڕوێنرێت)
- پیتی خانەکانی (٤+٦)کۆ بکەیتەوە بەمانای (مێشك بەزمانی عەرەبی)